Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.19628

# ڕۆڵی زمانی عەرەبی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا خواستنی وشە بەنموونە

**محەمەد حوسێن ئەحمەد**

زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی زانست، بەشی زانستی کیمیا

***Article Info***

Received: April, 2019

Revised: April ,2019

Accepted: May ,2019

***Keywords***

زمانی عەرەبی ، فەرهەنگی زمانی کوردیدا ، خواستنی وشە

***Corresponding Author***

mohammed.kurdish@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی زمانی عەرەبی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا خواستنی وشە بەنمونە) هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی وشەو زاراوە خوازراوە عەرەبییەکان لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکانی زمانی کوردیدا.

توێژینەوەکە لە دو تەوەری سەرەکی پێکهاتوە:

تەوەری یەکەم: کاریگەری و ململانێی نێوان زمانەکان بەگشتی و کاریگەری زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردییەوە بەتایبەتی خراوەتە بەرباس، هەروەها خواستنی وشەی عەرەبی وکاریگەری لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا باس کراوە.

تەوەری دوەم: باسی پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان کراوەو ورۆڵ وگرنگی وشە خوازراوەکان لە پێنج پەیوەندی واتایی (هاوواتایی، دژواتایی، فرەواتایی، هاوبێژی،بواری واتایی) ڕونکراوەتەوەو لێی کۆڵراوەتەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

## پێشەکی

ئەوەی لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕودەدات، لە هاوڕێیەتی و کارلێك و چاولێکەری و ململانێ و جەنگ و سەرکەوتن و بەزین و مردن، لە زمانیشدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە زمان سەرەکیترین ئامرازی گوزارشتکردنی مرۆڤە، بۆیە لەو چالاکییانە بەدەر نییە.

زمانی کوردی چەندین سەدەیە لە ژێر کاریگەری زمانانی دراوسێدا توشی چەندین ململانێ و جەنگی زمانی بۆتەوە بەتایبەتی زمانی عەرەبی، ئەگەرچی زمانی عەرەبی نەیتوانیوە بە تەواوی بەسەر زمانی کوردیدا زاڵ بێت ، بەڵام کارگەرییەکی زۆری لە سەرجەم ئاستەکانی زمانی کوردیدا جێهێشتوەو چەندین زاراوەی (ئاینی و سەربازی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و...) خستۆتە ناو زمان و فەرهەنگی کوردییەوە، هەرچەندە ئەم بوارە زۆری لەسەر نوسراوە، بەڵام هێشتا کۆمەڵێك لایەن نەخراونەتە بەر تیشکی توێژینەوەی زانستی.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕادەی کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی بخرێتەڕو لەڕوی خواستنی وشەو زاراوەوە، هاوکات کاریگەری ئەو خواستنە لەسەر پەیوەندییە واتاییەکان و چۆنییەتی ڕەفتارکردنیان لە زمانی کوردیدا خراوەتە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە، بۆیە (ڕۆڵی زمانی عەرەبی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا خواستنی وشە بەنمونە) هەڵبژێردراوە وەك ناونیشانی توێژینەوەکە.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە ناو خانەی زمانەوانی تیۆرییەوە، تێیدا ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفی پەیڕەو کراوە.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە ڕۆڵ و پێگەی وشە خوازراوە عەرەبییەکان لە ئاستی واتاسازی زمانی کوردیدا هەڵدەسەنگێنێت و ڕونی دەکاتەوە.

توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دو تەوەری سەرەکیدا:

تەوەری یەکەم: باسی کاریگەری زمانەکان لەسەر یەکتر کراوە، پاشان ئاستی کاریگەربونی زمانی کوردی بە زمانی عەرەبی خراوەتە بەرباس، هەروەها گۆڕانی واتای وشە خوازراوە عەرەبییەکان لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕو، لەڕوانگەی هەردو جۆری فراوانبون و تەسکبونەوەی واتا شیکردنەوەو ڕاڤەی بۆ کراوە.

تەوەری دوەم: ڕۆڵی وشە خوازراوەکان لە پەیدابونی پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان لە زمانی کوردیدا خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بۆ سەلماندنی هەریەك لەو باسانەش کۆمەڵێك نمونە شیکار کراون.

لەبەر ئەوەی سنوری بابەتەکان دیاریکراو بێت تەنها پێنج جۆر پەیوەندی واتایی باسکراوە، ئەوانیش بریتین لە (هاوواتایی، دژواتایی، فرەواتایی، هاوبێژی، بواری واتایی).

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕو.

### 1- تەوەری یەکەم

1-1-کاریگەری و ململانێی نێوان زمانەکان

ئەوەی لەنێوان مرۆڤەکان و زیندەوەرو گیانداراندا ڕودەدات لە ململانێ و کێشمەکێش و جیاوازی و جەنگ لەپێناو مانەوەو سەرکەوتن، لە نێوان زمانەکانیشدا ڕودەدات، ئەنجامی ئەو ململانێیەش بەپێی بارودۆخ دەگۆڕێت، هەندێك جار ململانێکە بەریەککەوتن و توندوتیژییەکی وای لێدەکەوێتەوە، کە ڕەنگە زمانی بەزیو لەماوەیەکی کورتدا تەنانەت شوێنەواریشی نەمێنێت، بەڵام لە هەندێك باردا زمانی باڵا بە یەکجاری زمانی بەزیو لەناو نابات، بەڵکو بەپلە بەندی و لەسەرخۆ هێزو دەسەڵاتی زمانەکە کەم دەکاتەوە، تا شکۆی لای ئاخێوەرانی دەشکێت و وردە وردە لەناو دەچێت، هەروەها دەکرێت دو زمانی هاوئاست بکەونە ململانێوە و کارلێك و لێکئاڵانێکی توند لەنێوانیاندا ڕوبدات، لەئەنجامیشدا هیچ لایەنێکیان سەرکەوتن بەدەست نەهێنن و هەریەکەیان پارێزگاری لە تایبەنمەندی و سیماکانی خۆیان بکەن([1]).

مەرج نییە هەمو لێك نزیکبونەوەو کارلێکێکی نێوان زمانەکان بە سەرکەوتن و بەزین کۆتایی بێت، بەڵکو دەکرێت تەنها کاریگەری ئەرێنی لەسەر یەکتر دابنێن و بەهۆیەوە زمانەکەیان زیاتر پەرە-پێبدەن و پێشی بخەن.

زمانەوانان لەسەر ئەوە کۆکن، کە هیچ زمانێك ناتوانێت دورەپەرێز بێت لە زمانانی ترو تەنها بەوشەی خۆماڵی گوزارشت لەهەمو دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵ بکات.

دیاردەی کاریگەربونی زمانەکان بەیەکتر بەئەندازەی کۆنی مێژوی زمان کۆنە، ئەم کاریگەریەش لەڕێگەی چەندین هۆکاری وەك (کۆمەڵایەتی، ئاینی، ڕۆشنبیری، ئەدەبی، سیاسی، کلتوری، تەکنەلۆجی، ئابوری،...)ەوە پەیدابووە.

زمانەکان بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و پێویستییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان زۆرجار پەنا دەبەنە بەر وشەو زاراوەی زمانەکانی تر، چونکە ڕەوتی ژیان هەمیشە لە پێشڕەوی و پێشکەوتندایە، بۆیە دەتوانین بڵێین خواستنی وشە یەکێکە لەو دیاردانەی، کە ڕادەی کاریگەربونی زمانەکانی پێدەستنیشان دەکرێت.

ڕۆشنبیران و ئەدیب و زانایانی هەر نەتەوەیەك هەمیشە چاو لە گەشەو بەرەوپێشچونەکانی نەتەوەو وڵاتانی پێشکەوتو دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری بەرهەمە زانستی و ئەدەبییەکانیانەوە، ئەمەش خۆی لە وەرگێڕانی دەق و وشەو زاراوەو سودبینین لە شێوازی بیرکردنەوەو نوسین و ئەنجامەکانیان دەبینێتەوە، کە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە هەستانەوەی زمانی نەتەوەیی و نوسین و بەدیهێنان و فراوانکردنی سامانی زانستی و ئەدەبی.([2])

2-1 -کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم

نزیکبونەوەو کارلێکی نێوان زمانەکان لەچەند هۆکارێکەوە سەرچاوە دەگرێت، لەوانە:

1.ڕادەی دورو نزیکی سنوری جوگرافی بەکارهێنەرانی هەردو زمان و پانتایی سنوری دراوسێیەتییان.

2.ڕێژەی تێکەڵاوبون و جۆری پەیوەندی و کاردانەوەیان بەرامبەر بەیەکتر.

3.ماوەی ئەو تێکەڵاوی و پەیوەندییە چەند زیاتربێت ، کاریگەرییەکەش زیاتر دەبێت.

4.بەرزی ئاستی (شارستانی، کلتوری، ئاینی، رۆشنبیری، زانستی، سەربازی، ...) رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، هەمیشە نەتەوە پێشکەوتووەکان کاریگەری گەورە لەسەر نەتەوە دواکەوتووەکان دادەنێن.

5.دورونزیکی هەردو زمانەکە لەڕوی نەژادو خزمایەتییەوە، تا زمانەکان نەژادیان لەیەکترەوە نزیکتربێت ڕێژەی کاریگەرییەکە زیاتر دەبێت.

بەوێنە ئەگەر لە کارلێك و پەیوەندی نێوان زمانی عەرەبی و کوردی بڕوانین، دەبینین سەرجەم هۆکارەکان جگە لە (خاڵی کۆتایی) ڕۆڵیان گێڕاوە لەوەی، کە زمانی عەرەبی بتوانێت کاریگەرییەکی فراوان بکاتە سەر زمانی کوردی، بۆیە ئاساییە زمانی کوردی بە ڕێژەیەکی زۆر بکەوێتە ژێر کاریگەری زمانی عەرەبییەوەو لە هەمو ئاستەکانی زمانەکەشیدا (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی) ڕەنگبداتەوە.

نمونەی ململانێی نێوان زمانەکان لە کۆن و نوێدا دەمانگەیەنێت بەوەی، کە سێ خاڵی بنچینەیی ڕۆڵ دەگێڕن لە یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی ململانێکان و سەرکەوتنی زمانێك بەسەر زمانێکی تردا:

1.بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و ژیاری و ئەدەبی.

2.هێز و دەسەڵاتی سیاسی.

3.زۆری ژمارەی ئاخێوەران.( [3])

بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و پێشکەوتنی شارستانی بەپلەی یەکەم دەبنە هۆی سەرکەوتنی زمانێك بەسەر زمانەکانی تردا، ئەگەرچی لەڕوی دەسەڵاتەوە لاوازبن و ژمارەی ئاخێوەرانیشیان کەم بێت. ئەگەر لەم ڕووەوە یەکسانبن ئەوا هێز و دەسەڵات ڕۆڵ دەگێڕێت لە ئەنجامی ململانێکەدا ، هەرچەندە ژمارەی ئاخێوەرانی زمانی باڵادەست کەمیش بێت . ئەگەر هەردو زمان لە خاڵی یەکەم و دووەمدا یەکسانبون یان لەیەکەوە نزیکبون ئەوا ژمارەی ئاخێوەران ئەنجامی ململانێکە یەکلایی دەکاتەوە([4] )

هەمو ئەوانەی باسکران پرسیارێك دەوروژێنن، کە ئایا چۆن زمانی عەرەبی نەیتوانیوە بەسەر زمانی کوردیدا سەربکەوێت؟

سەرەکیترین هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری زمان و سروشتی کارکردنی، بەواتایەکی تر زمان بۆ ماوەیەکی درێژ دەتوانێت پارێزگاری لە سیماو یاسا ڕێزمانییەکانی بکات و گۆڕان لەئاستی ڕستەسازیدا زۆر لەسەرخۆیە بە بەراورد لەگەڵ ئاستەکانی تری زماندا، بە وێنە ئەگەرچی زمانی فارسی زیاتر لە نیوەی وشەکانی لە زمانی عەرەبییەوە خواستوە، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووەو توانیویەتی سیماو تایبەتمەندیی ڕستەسازی خۆی بپارێزێت و ئێستاش بە یەکێك لە زمانە بەهێزەکان هەژمار دەکرێت.

سەرەڕای ئەوەش، چەند هۆکارێکی تر لەو بوارەدا ڕۆڵیان گێڕاوە، لەوانە:

1.بەردەوامی خەباتی سیاسی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، کە بەدرێژایی دروستبونی دەسەڵاتە عەرەبییەکان بە عێراقیشەوە بەردەوام بووە هەمیشە داکۆکییان لەمافە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری وزمانییەکان کردوە.

2.زۆری ڕێژەی نەخوێندەواری تاکی کورد بەگشتی و دایکانی کورد بەتایبەتی، کە وایکردبو زمانی کوردی لە نێو خێزانەکاندا بەردەوامی هەبێت.

3.هەردو زمانی کوردی و عەرەبی سەر بە دو خێزانە زمانی جیاوازن و چەندین سیماو تایبەتمەندی جیاکەرەوە لەنێوانیاندا هەیە.

4.بەرزی هەستی نیشتیمان پەروەری تاکی کورد بەرامبەر بە زمانەکەی و دەمارگیری بەرامبەر بە زمانی عەرەبی، ئەووەش بەهۆی ئەو ستەمە زۆرەی بەرامبەری ئەنجامدرابو لەلایەن دەسەڵاتدارانی عەرەبەوە.( [5])

3-1 -خواستنی وشە لە زمانی عەرەبییەوە

کاریگەربونی زمانەکان بەیەکتر زیاتر لە بواری وەرگرتنی وشەو زاراوەدایەو هیچ زیانێك بە لایەنی ڕستەسازی و مۆرفۆلۆجی ناگەیەنێت، چونکە گۆڕان لەو دو ئاستەدا زۆر سست و لەسەرخۆیە، بەڵام پێویستە تێبینی ئەوە بکەین، کە (هەرکات زمان بە پێی پێویستی خۆی وشەو زاراوەی لە زمانانی ترەوە خواست ئەوا دیاردەیەکی زۆر ئاساییەو بگرە سودبەخشە و هیچ زیانێك بە زمانەکە ناگەیەنێت) ( [6])، بەڵام هەرکات وشەو زاراوەکان لە زمانی زگماکدا هەبو ، ئەوا خواستنەکە بێ ئاکام دەبێت و زیانێکی زۆر بە سیماو تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی لەناوچونی زۆر وشەی بنەڕەتی و خۆماڵی.

زمانی کوردی لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردودا ژمارەیەکی زۆر وشەی لە زمانی عەرەبی و زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە، لەکاتێکدا کە زۆرینەی وشەکان پێویستی و کەلێنی فەرهەنگی زمانی کوردییان پڕنەکردۆتەوەو گرفتی زمانییان دروستکردوە، لە ئێستاشدا ئاخێوەرانی کورد وازیان لە خواستنی وشەو زاراوە عەرەبییەکان هێناوەو دەستیان کردوە بە وەرگرتنی زاراوەی بیانی، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزییەوە، ئەم کارەش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی بەڕێوە دەچێت و هیچ پەیوەندی بەلایەنی زمانەوانییەوە نییە، بەڵکو بابەتەکە تەنها پەیوەستە بە چاولێکەری و سەرسامبون بە گەلانی پێشکەوتووەوە، هەروەها وا دەردەکەوێت کە بەکارهێنانی وشەی ئینگلیزی پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر بەرزدەکاتەوە .

هەرسەبارەت بە وەرگرتنی وشە، لێکۆڵەران تێبینی ئەوەیان کردوە، کە (ناو) لە هەمو پۆلەکانی تر زیاتر دەخوازرێت و بەئاسانی جێگەی خۆی دەکاتەوە، پرۆفیسۆر (Martin Haspelmath)سەرپەرشتی پرۆژەیەکی نێونەتەوەیی دەکات، کە چل زمانی جیهانی لەخۆ گرتوە بۆ دیاریکردنی جۆرو ژمارەو ڕێژەی وشەی خوازراو لەنێوان ئەو زمانانەدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە (70%)ی وشە خوازراوەکان بریتین لە ناوی دیاردە تازەو مۆدێرنەکان، دواتر ئاین و ئایدۆلۆجیا.( [7])

شارەزایان ئاماژە بەوە دەکەن کە (خواستن کاتێك دێتە کایەوە کە دو زمان لەیەك قسەکەردا کۆببنەوە، واتە کەسێك لەدو زماندا شارەزایی هەبێ، یان کاتێك دو زمان یان زیاتر لەیەك شوێندا بەکاربهێنرێن) . ( [8])

هۆکارەکانی وەرگرتن و خواستنی وشە زۆرن، لەوانە: (جوگرافی ، سیاسی ، ئاینی ، کلتوری ، زانستی ..) ، بەوێنە هەر لەکۆنەوە خوێندەوارو شاعیرانی کورد کەوتونەتە ژێر کاریگەری زمان و ڕۆشنبیری و ئەدەبی عەرەبییەوەو لە حوجرەکاندا بە عەرەبی خوێندویانەو بەتەواوی فێری زمانەکە بون. لەبەر ئەوەی کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی ئەوە بوە کە زۆرترین وشەی بێگانە لە دەقەکاندا بەکاربهێنرێت، بۆیە ڕێژەیەکی زۆری وشە عەرەبییەکان لەڕێگەی دەقە شیعرییەکانەوە هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە، ئەمەش بە کارێکی ئاسایی هەژمار دەکرێت.

وشە خوازراوە عەرەبییەکان لە زمانی کوردیدا بە چەند شێوازێك وەرگیراون و هەندێکیان بەپێی یاسا دەنگسازییەکانی زمانی کوردی ڕەفتاریان لەگەڵ کراوە، لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت چەند خاڵێك بخەینەڕو:

1.ئەو وشانەی لە هەردو زماندا بەیەك شێوە گۆدەکرێن یاخود گۆکردنیان بەتەواوی لەیەکەوە نزیکە، وەك: (موشکیلە، ئیعتیادی، معیدە، شەلال، ئیمتیحان، دەرس، دەفتەر، وەزیر، وەزارەت، عەسکەر، حەرام، حەڵاڵ، زەکات، ئیلهام، شیعر، ئەخلاق، ئەدەب، حیزب، قەڵەم، تاد...) ئەمە سەرەڕای ناوە تایبەتییە کەسیەکان، کە زۆربەیان وەك خۆیان و بە بێ گۆڕانی دەنگی (یاخود بە گۆڕانێکی دەنگی کەمەوە) وەرگیراون، بەوێنە (ئەحمەد، محەمەد، عەلی، عومەر، قادر، ئەکرەم، ئیحسان، حەسەن، عیماد، ...)، بەڵام گۆکردنی هەندێك لە ناوەکان لەگەڵ سازگەی ئاخێوەرانی کورددا ناگونجێن، بۆیە گۆڕانی دەنگسازییان بەسەردا هاتوە، ئەم لایەنە لەخاڵی دووەمدا باس دەکەین.

2.ئەو وشانەی گۆڕانی دەنگییان بەسەردا هاتووە و فۆرمەکانیان گۆڕاوە بە شێوەیەکی وا، کە هەندێکیان بە ئاسانی ناناسرێنەوە، لەوانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| خلق | خەڵکی(خەڵك) | طازج | تازە |
| حاضر | حازر | کتاب | کتێب |
| طائرة | تەیارە | کتّابي | قوتابی |
| مطبق | موبەق | غضب | غەزەب |

هەروەها ئەو ناوە تایبەتییە کەسییانەش، ئەگەرچی لەبەر پێویستی یاسایی زۆرجار بەهەمان شێوەی ڕێنوسی عەرەبی و ناسنامەی باری کەسی دەنوسرێتەوە، بەڵام زۆرجار لە دەربڕیندا دەخرێنە ژێر یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردییەوە، وەك:

| | | | |
|---|---|---|---|
| صابر | سابیر | عبدالرحمن | ئەوڕەحمان |
| طاهر | تاهیر | طه | تەها |
| خضر | خدر | فاضل | فازیل |
| طالب | تالیب | ظاهر | زاهیر |
| صدیق | سیدیق | رضا | ڕەزا |

وشە خوازراوەکان لەڕوی پێویستی زمان و کۆمەڵەوە دەبن بە چەند جۆرێکەوە:

ا- ئەو وشەو زاراوانەی لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان نییە (یاخود بەرامبەریان هەیە بەڵام لەلایەن کۆمەڵەوە بەکار ناهێنرێن)، ئەوا دەبن بە دانەیەکی فەرهەنگی زمانەکەو ڕاستەوخۆ جێی خۆیان دەکەنەوە وەکو (وەزارەت، وەزیر، لیوا، بانك، دەوڵەت، لیژنە، زەیت، فەلسەفە، ئەوقاف، قەزا، ناحیە، دەوام، حزبایەتی، حیزب، ...).

ب- ئەو وشانەی، کە بەرامبەریان هەیەو هەمان مەبەست دەگەیەنن، لە ئەنجامی بەکارهێنانیان لەگەڵ یەکتردا، دەبنە هۆی دروستبونی هاوواتایی لە زمانی یەکەمدا، ئەم حاڵەتە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا شتێکی ئاساییە، بەڵام لە نوسیندا نابێت بەکاربهێنرێن، چونکە لەوانەیە بە تێپەڕبونی کات جێگەی خۆیان لە فەرهەنگدا بکەنەوەو ببنە هۆی لەدەستدانی چەندین وشەی ڕەسەنی زمانی یەکەم:([9])

| | |
|---|---|
| تاجر | بازرگان |
| فەقیر | هەژار |
| ئەسیر | دیل |
| عادەت | نەریت ... تاد |

ئەگەرچی ئەم وشانە لەسەرەتاوە وەك (هاوواتای تەواو)لە زمانی کوردیدا دەرکەوتون، بەڵام ((لە ڕاستیدا زۆرگرانە دو وشە بەیەك واتا بمێننەوەو بژین لە زمانێکدا، چونکە ئەمە لە توانای زمان کەم دەکاتەوە))([10])، بەڵکو لەم بارەدا دو ئەگەر سەرهەڵدەدات:

یەکێك لە وشە هاوواتاکان سەردەکەوێت و ئەویتریان بەتێپەڕبونی کات بەکارهێنانی کەم دەبێتەوەو لەناودەچێت، یاخود واتاکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت و واتای نوێ وەردەگرن و دیاردەکانی تەسکبونەوەو فراوانبونی واتایان تێدا ڕودەدات، لە نمونەکانی سەرەوەدا ئەگەر سەرنجی وشەی (فەقیر- هەژار) بدەین دەبینین لە هەمو دەوروبەرێکدا نابن بە هاوواتای یەکتر، بە وێنە لە ڕستەی:

-منداڵەکە فەقیرە.

وشەی (فەقیر) واتاکەی فراوان بوەو جگە لەواتای (هەژار) واتای (هێمن و ژیر)یش دەگەیەنێت. هەر سەبارەت بەم باسە بڕوانە هەردو نمونەی (مَکْر) و (خَلْق)

-(مکر): لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (فێل) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها واتای (ناز) دەگەیەنێت و زیاتر بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت، وەك:

- ئەو کچە مەکر دەکات (مەکربازە) .

-(خلق): ئەگەرچی سەرەتا بەواتای (هەمو دروستکراوەکانی خوا- خلق) بەکارهاتوە، بەڵام ئێستا تەنها واتای (خەڵکی- الناس) دەگەیەنێت و واتای یەکەم بەکارناهێنرێت، هەروەها وشەی (حەیوان)یش بەهەمان شێوە لە وشەی (حي- زیندو)ەوە وەرگیراوەو بە واتای (زیندەوەر) دێت، چ مرۆڤ بێت یان گیانلەبەر و ئاژەڵان([11])، بەڵام لەفەرهەنگی زمانی کوردی ئێستادا تەنها بەواتای (ئاژەڵ) بەکاردێت.

4-1 -گۆڕانی واتا

کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەمیشە لە گەشەو گۆڕانی بەردەوامدایەو زمانیش دیارترین ئامرازی گوزارشتکردنە لەو گۆڕانە، بۆیە هەر

گەشەو پێشکەوتنێك لە كۆمەڵدا ڕوبدات لە زمانیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە زۆربواردا گەشەو گۆڕانی واتا پلەبەپلەو لەسەرخۆ ڕوودەدات، بەڵام لەئەنجامدا گۆڕانێکی گەورەی واتایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.( [12])

گرنگترین گۆڕانەکانی زمان لەئاستی واتادا دەبێت، لەم بارەیەوە (ئۆلمان) دەڵێت: واتا بریتییە لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی، کە لەنێوان وشەو واتاکانیاندا هەیە، بەم پێیە هەر گۆڕانێك لەو پەیوەندییەدا ڕوبدات، ئەوا بە گۆڕانی واتایی لەقەڵەم دەدرێت.( [13])

1-5 -جۆرەکانی گۆڕانی واتا

شارەزایانی بواری زمان دو جۆری سەرەکی لە گۆڕانی واتا دەستنیشان دەکەن:

1-5-1-فراوانبونی واتا .

1-5-2-تەسکبونەوەی واتا.

1-5-1 -فراوانبونی واتا:

فراوانبونی واتا یەکێکە لە دیاردە سروشتییەکانی وشەی هەر زمانێك، کە بەپێی ڕێژەی پێویستی و گەشەو پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵ، واتاکانیش فراوان دەبن، ئەم دیاردەیەش کاتێك ڕوودەدات، کە واتا لە گەیاندنی مەبەستێکی تایبەتەوە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی گشتی، بەم پێیە فراوانبونی واتا بریتی دەبێت لە گەیاندنی واتای فراوانتر لەو واتایەی، کە (وشەیەك یان یەکەیەکی زمانیی) پێشتر گەیاندویەتی یاخود فراوانتربونی بواری بەکارهێنانی.([14] )

زانایان باس لەوە دەکەن، کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی فراوانبونی واتا بریتییە لە خواستنی وشەی بێگانە، کە زۆرجار بۆ مەبەستی جیا لە مەبەستی بنەڕەتی وشەکەش بەکاردێت([15]). لە فراوانبونی واتادا وشە بە تێپەڕبونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدا دەکات و دیاردەیەکی فراوانتر دەگەیەنێت( [16]). پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ڕاستە واتای وشە لەبەکارهێناندا فراوان دەبێت بەڵام ئەو جۆرە فراوانبونە نابن بە لێکسیم، واتە نابن بە دانەی فەرهەنگی بەڵکو تەنها بەپێی دەروازەکان و لەبەکارهینانداا لێکدەدرێنەوەو لە فەرهەنگیشدا بەپێی بەکارهێنان تۆماردەکرێن.

لە زمانی کوردیدا ئەگەر سەرنجی وشە خوازراوە عەرەبییەکان بدەین، بە ئاشکرا هەست بە دیاردەی فراوانبونی واتا دەکەین، بەوێنە:

1- (ورقة): لە زمانی عەرەبیدا بەواتای (گەڵای دار)دێت، کەچی لەزمانی کوردیدا چەند واتایەکی تری لێ بارکراوە، وەك:

-وەرەقە: پەڕەی تێنوس. وەرەقەیەك لەتێنوسەکە بکەرەوە.

-وەرەقە: (100)دۆلار. ئەمرۆ وەرەقەیەك بەچەندە.

-وەرەقە: کارتی یاری پێکردن. وەرەقەیەك ڕابکێشە .

لە زمانی کوردی ئێستادا وەرگێڕان بۆ وشەی (وەرەقە) کراوە و (گەڵا) بەهەمان واتای (100)دۆلار بەکاردێت، ئەمەش فرەواتایی لێ کەوتۆتەوە.

-2 (رقيب): لە زمانی عەرەبی و قورئانی پیرۆزدا زیاتر بەواتای (پارێزەر) و (چاودێر) بەسەرکردەوەکانی ئادەمیزادەوە هاتوە، بەڵام لە زمانی کوردیداو بە تایبەتی لای شاعیرانی کلاسیکی بە واتایەکی فراوانترو بۆ مەبەستێکی جیاوازتر بەکارهاتوە (شاعیرە کلاسیکییەکان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ڕەقیب بەواتای دوژمنکاری و تێکدانی نێوان دڵدار و دولبەرو ئیرەیی بردن و چاودێریکردنی بەردەوام بەمەبەستی فربودان و دروستکردنی کێشەو گرفت دێت)( [17]). بەڵام لە ئێستادا ئەو وشەیە لەبەکارهێناندا لاوازبووەو پێدەچێت بە تێپەڕبونی کات لەناو بچێت، چونکە زیندوێتی وشە بەندە بە بەکارهێنانەوە.

-3 (لقمة): لەزمانی عەرەبیدا بەواتای (پارو) دێت، ئێستا واتاکەی فراوانبوەو بە مەبەستی (ژەمی نان خواردن) بەکاردێت، بە وێنە:

-لوقمەیەك بۆ ئێوارە ئامادە بکە.

-4 (قطرة): واتە (دڵۆپ) بە چەند واتایەکی تریش بەکاردێت لەوانە:

- قەترە: ئەو چارەسەرە پزیشکییەی، کە بە دڵۆپ دەکرێتە لوت و گوێ و چاوی نەخۆشەوە.

- قەترە : دلۆپی ئاو، باران (یەك قەترە بارانم بەر نەکەوت).

-5 (نفر): لە زمانی عەرەبیدا بە کۆمەڵێك کەس دەوترێت، کە ژمارەیان لە (3-10)بێت( [18]) ، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتایەکی زۆر فراوانتری لەخۆگرتوە، وەك لەم ڕستانەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت:

-نەفەر: بۆ پێوانەکردنی هەندێك جۆری خواردن. یەك نەفەر کەبابم دەوێت.

-نەفەر: بۆ پێوانەکردنی سەرنشینی نێو پاس و تەکسی... ئەم پاسە چەند نەفەر هەڵدەگرێت.

-نەفەر: وەك هاوواتای کەس بەکاردێت. یەك نەفەر ناناسێت.

-6 (دفتر): لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (تێنوس) دێت. لە زمانی کوردیشدا بە هەمان واتا بەکارێت، وەك: (ڕاهێنانەکەم لە دەفتەرەکەدا نوسیوە.) هەروەها واتای (100 گەڵا)یش دەگەیەنێت، وەك: - پارچە زەوییەکە بە پێنج دەفتەرە .

-7 (حاج): لە زمانی عەرەبیدا بەو کەسە دەوترێت، کە حەجی ئەنجام دابێت، هەروەها بۆ پیاوی بەتەمەنی ناسراو یان نەناسراویش بەکار دەهێنرێت، وەك: (چۆنی کاك حاجی).

سەرەڕای ئەوانەش ناوە تایبەتییەکانی وەك(سەباح، قادر، قانع، شاکر، کەریم، عاسی، ئەمین، ئیحسان، ...) لە زمانی عەرەبیدا هەر یەکەیان جگە لە (ناوی تایبەتی کەس) واتای تریش دەگەیەنن، کە بریتین لە واتا فەرهەنگییەکانیان، بەوێنە(صباح=بەیانی، قادر=توانا، إحسان=چاکە، ...)، ئاخێوەرانی عەرەب هەردو واتاکە بەکاردەهێن، وەك: (صباح الخير يا صباح)، بەڵام ئاخێوەرانی کورد تەنها بەمەبەستی ناولێنان وەك ناوی تایبەتی بەکاریان دەهێنن، جگە لەو ناوانەی، کە واتاکانیان لای تاکی کورد ڕونە، وەك لە ڕستەکانی خوارەوەدا ڕونکراوەتەوە:

-کاك ئەمین (ناوی کەس) کەسێکی ئەمینە. (هاوەڵناو- واتە: دەست پاك)

-مامۆستا عادیل (ناوی کەس) بەڕاستی کەسێکی عادیلە. (هاوەڵناو- واتە: دادپەروەر)

-وەستا شەریف (ناوی کەس) لە خانەوادەیەکی شەریفە. (هاوەڵناو- واتە: بەڕێزو پایەدار)

-مامۆستا مەعروف (ناوی کەس) لەم شارەدا مەعروفە. (هاوەڵناو- واتە: ناسراو)

لەو ڕستانەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، کە ئاخێوەری کورد واتای فەرهەنگی ناوەکانی (ئەمین، عادیل، شەریف، مەعروف) دەزانێت، بۆیە دەتوانێت وەك هاوەڵناو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنێت، بەڵام بۆ نمونە ناوەکانی (أحمد، طاهر، مصطفى، قادر، صباح، أسماء، أكرم، ...) بەگشتی لای ئاخێوەری کورد واتاکەی زانراو نییە، یاخود لە زمانی کوردیدا بەرامبەرەکانیان بەکار دەهێنرێن.

2-5-1 -تەسکبونەوەی واتا

یەکێك لە دیاردە باوەکانی واتا بریتییە لە سنورداربونی بواری بەکارهێنانی واتای وشە، واتە (وشەیەك واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دەهێنێت و پسپۆری لە واتایەکی تەسکتردا پەیدا دەکات، لەوانەشە وشەکە لە هەمان کاتدا هەردو واتاکە بپارێزێت، بەواتایەکی تر هەندێك جار واتایەکی گشتی هەبێت و هەندێك جار بەواتایەکی تەسکتر بەکاربێت)([19]) بەوێنە وشەی (دەفتەر) خوازراوەو لە شعری کلاسیکی کوردیدا بە واتای (نوسینگە) و (دەفتەری کاغەز-تێنوس) بەکارهاتوە، بەڵام لە زمانی ئێستای کوردیدا(کوردانی باشور) واتای (نوسینگە) ناگەیەنێت([20])، لەخوارەوە نمونەی زیاتر دەخەینە ڕوو:

1. شهید: لەزمانی عەرەبیدا بەو کەسانە دەوترێت کە دەبن بە گەواهیدەر، هەروەها بە کەسێکیش دەوترێت، کە لە تێکۆشان و جیهاددا لە پێناو ئاین و نەتەوەو وڵاتیدا گیانی فیدابکات، بەڵام لە زمانی کوردیدا سنوری بەکارهێنانی تەسکبۆتەوەو تەنها واتای دووەمیان دەگەیەنێت.

2. وشەی (شاهد) لە زمانی عەرەبیدا وەك هاوواتای (شەهید) دەردەکەوێت و لەزۆربارادا دەتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە، تەنانەت هەردو وشەکە لە بنەڕەتدا لە (شَہِدَ-گەواهیدا)وە وەرگیراون، کەچی لە زمانی کوردیدا ئەو دو وشەیە ناتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە، بەڵکو هەریەکەیان واتایەکی تایبەتی هەڵگرتوە، بۆنمونە لە ڕستەکانی (شەهید نامرێت)و (کارەکەتان دو شایەتی دەوێت)دا، ناتوانین جێگۆڕکی بە هەردو وشەی (شەهید، شایەت) بکەین، چونکە واتای ڕستەکان تێکدەچێت، وەك:

-شایەت نامرێت. (واتا نادروست).

-کارەکەتان دوشەهیدی دەوێت. (واتا نادروست).

3. واسطة: لە زمانی عەرەبیدا ئەو ئامرازو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە دەمانگەیەنێت بە کەسێك یان شتێك([1]). بەڵام لە زمانی کوردی ئێستادا تەنها بە واتا نەرێنییەکەی بەکاردێت، واتە تەنها بۆ گوزارشتکردن لەو کەسانە بەکاردێت کە دەسەڵاتدارو کاربەدەستان دەناسن و بەهۆیەوە کارەکانیان ڕایی دەکرێت، ئەگەرچی بە شێوەیەکی نایاسایی بێت و شایستەش نەبن، وەك لە نمونەکانی (واسیتەت هەبێ کارت ناوەستێ)و (پیاوی فەقیر واسیتە لە کوێ بێنێت)دا دیارە.

4. تسبيح: لە زمانی عەرەبیدا واتە وتنی ویردی (سبحان الله): پاکڕاگرتنی خوای مەزن لە هەمو کەموکوڕی و خەوشێك([22])، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە تێپەڕبونی کات واتاکەی گۆڕاوە بۆ ئەو موروانەی، کە بە پەتێك بەستراوەتەوەو ویردەکانی پێ ئەنجام دەدرێت.

5. سيد: لە زمانی عەرەبیدا بەواتای خاوەنکار و موڵکدار دێت، هەروەها بەرامبەر بە وەچەو نەوەکانی پەیامبەر (درودی خوای لەسەربێت) دێت، لەئێستاشدا لە هەندێك وڵاتی عەرەبیدا واتاکەی فراوانبوەو بە واتای (بەڕێز)یش بەکاردێت بەرامبەر بە هەر کەسێکی نەناسراو([23]) ، بەڵام لە زمانی کوردیدا تەنها بەرامبەر ئەو کەسایەتییە ئاینییانە بەکاردێت، کە خۆیان بەنەوەی (ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالب) دەزانن.

6. مشروب: لەزمانی عەرەبیدا بەرامبەر هەمو ئەو شلەمەنییانە بەکاردێت کە بۆ خواردنەوە دەشێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتاکەی بەتەواوی تەسکبوەتەوەو تەنها واتای (خواردنەوە کحولییەکان) دەگەیەنێت.

7. ذكر: لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (یاد)و (وێرد)یش دێت، لە زمانی کوردیشدا ماوەیەك هەردو واتاکە بەکارهاتون بە تایبەتی لە شیعری شاعیرانماندا، بەڵام لەم دواییانەدا بە واتای (یاد) کەمتر بەکاردێت و بەرەو لەناوچون دەچێت، چونکە وشەکانی (یاد، بیر) جێگەیان گرتۆتەوە، بڕوانە نمونەکانی:

-زیکر (یاد) من لە زیکرو فیکری تۆ غافڵ نەبوم.

-زیکر (وێرد) زیکری خوا دڵ ئارام دەکاتەوە.

8. حيز : لە (حاز-إنحاز)ەوە هاتوە، واتە (لایداوە)([24])، لە زمانی کوردی زاری ناوەڕاستدا واتایەکی تایبەتی وەرگرتوەو زیاتر بۆ بواری جنێودان و کاری سێکسی بەکاردێت، بەرامبەر هەردو ڕەگەزی نێر و مێ، هەروەها سیما واتاییەکانی (+کوڕ +پیاو +کچ +ژن) لەخۆ دەگرێت، کەچی لە زاری ژورودا ئەم وشەیە تەنها بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردەهێنرێت، هەروەها بە سیما واتاییەکانی (-کوڕ -پیاو +کچ +ژن) بەرامبەر بەکاری عیشقبازی بەکاردێت.([25])

## 2 -تەوەری دووەم

2-1 -پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان

وشەکانی زمان بەپێی پەیوەندی و گۆڕان و بڵاوبونەوە و دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا وەك مرۆڤەکان ڕەفتار دەکەن، بۆیە زۆرجار هەریەك لە وشەکانی زمان بە پێی دەوروبەر و بەکارهێنانیان لە ژینگەی جیاوازدا واتاو مەبەستی جۆراوجۆر دەگەیەنن.

لەهەر ڕستەیەکی زماندا دو جۆر پەیوەندی جیاواز لەنێوان وشەکاندا دروست دەبێت، کە بریتین لە پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی، جۆری یەکەمیان پەیوەندی سینتاکسی نێوان وشەکان و

دەرکەوتن و گونجانیان لەگەڵ یەکتردا ڕوندەکاتەوە، بەڵام لە دووەمیاندا بە پێچەوانەوە، پەیوەندی فەرهەنگی وشەکان و گۆڕینی وشەیەك بە وشەیەکی تر لە هەمان ژینگەی زمانیدا ڕوندەکاتەوە [26] ).

بەتوانایە

زیرەکە پەیوەندی ستونی

ئازاد.. پیاوێکی .. ئازایە

پەیوەندی ئاسۆیی

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەی باسکران، چەندین دیاردەی واتایی پەیدا دەبن، لەوانە: (هاوواتایی، هاوبێژی، دژواتایی، تاد...) .

کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی بەڕونی لە ئاستی واتاسازیدا ڕەنگی داوەتەوەو زۆرێك لە وشە عەرەبییەکان بە تەواوی لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا جێی خۆیان کردۆتەوەو جێگیربون، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندی نێوان وشە عەرەبیە خوازراوەکان لەگەڵ وشە کوردییە بنەڕەتیەکاندا خراوەتە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش، پێنج دیاردەی واتایی باسکراوە، کە بریتین لە: (هاوواتایی، دژواتایی، فرەواتایی، هاوبێژی، بواری واتایی) .

2-1-1 -هاوواتایی

پسپۆرانی زمانەوانی وەك (leech , Lyons , palmer , crystal , ئەحمەد موختار، ئیبراهیم ئەنیس، حاکم مالیك لعێبی، محەمەد مەعروف فەتاح، بێخاڵ عەبدوڵا، عبدوڵا عزیز ... تاد (لەسەر واتای بنەڕەتی هاوواتا کۆکن، واتە بە بۆچونی ئەوان هاوواتا بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە (دوو وشە یان زیاتر لەواتادا وەك یەکن)، هەروەها مەرجیش نییە دو وشەی هاوواتا هەمان دەنگ و ڕێنوسیان هەبێت، چونکە واتا بنەڕەتییەکەی پەیوەستە بە هاوواتاییەوە، نەك هاودەنگ یا هاوڕێنوسی .( [27] )

ستیڤن ئوڵمان دەڵێت: (هاوواتایی نرخی تایبەتی خۆی هەیە لە زماندا، چونکە دەکرێت لەڕێی جێگۆڕکێ و گۆڕینەوەی وشە هاوواتاکانەوە زمان دەوڵەمەندو ڕازاوە بکرێت).( [28] )

پرسی بون یان نەبونی هاوواتایی لە زماندا کێشەو مشتومڕێکی زۆری لە نێوان زانایانی ئەم بوارەدا هێناوەتە ئاراوە (بەتایبەتی هاوواتایی تەواو)، بۆیە زانایان بون بە دو کۆمەڵەوە، کۆمەڵێکیان بە تەواوی بونی هاوواتایی لە ناو یەك زماندا ڕەت دەکەنەوەو پێیان وایە، کە وشەکان لە ڕوی ڕۆنانی دەنگییەوە جیاوازن، کەواتە دەبێت لە ڕوی واتایشەوە جیاواز بن، لەو زانایانەش (بلومفیلد، هاریس، گود مان، ...) بەڵام کۆمەڵی دووەم بە پێچەوانەوە، بڕوایان وایە، کە هاوواتایی دیاردەیەکی سروشتی زمانەو دەکرێت وشەیەك واتای وشەیەکی تر بگەیەنێت لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، چونکە هاوواتایی دەرئەنجامی پێشکەوتنی زمانەو دەکرێت ئەو وشانەی لە قۆناغێکی دیاریکراوی زمانێکدا واتاکانیان جیاواز بووە، لە قۆناغێکی تری هەمان زماندا ببن بە هاوواتا لەو زانایانەش (ستیفن ئۆڵمان، عەلی جارم، حاکم مالیك، ...) .( [29] )

بە بڕوای توێژەر بۆچونی دووەم دروستترە، چونکە زۆرجار هۆکارە زمانی و نازمانییەکانی وەك: (سیاسی، ئابوری، جوگرافی، فرەزاری، ڕێزمان، خواستن، ...) دەبنە مایەی دروستبونی هاوواتایی.

شارەزایان بەگشتی چەند جۆرێك لە هاوواتاییان جیا کردۆتەوە( [30] ) ، لەم توێژینەوەیەدا تەنها دوجۆری هاوواتایی باس دەکەین، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە:

2-1-1-1 -هاوواتای تەواو

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەتەواوی یەك واتا دەگەیەنن، ئاخێوەرانیش بەهیچ جۆرێك هەست بە جیاوازی نێوانیان ناکەن و دەتوانن لەهەمو دەوروبەرێکدا جێگۆڕکێیان پێ بکەن( [31] ) ، ئەگەرچی زمانەوان سەبارەت بەبون و نەبونی ئەم جۆرەی هاوواتایی مشتومڕێکی زۆریان کردوەو زۆربەی زمانەوانەکان دان بە بونی ئەم جۆرەدا نانێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا بەئاشکرا هەست بە بونی ئەو دیاردەیە دەکرێت.

ستیڤن ئۆڵمان دەڵێت: (هاوواتایی تەواو هەرچەندە مەحاڵ نییە لە زماندا بەڵام زۆرکەمە، چونکە دیاردەیەکە بەئاسانی لە زماندا بەکار نایەت، ئەگەر هەشبێت بۆ ماوەیەکی کەم دەبێت و بەزویی جیاوازی لە نێوان واتای وشەکاندا پەیدا دەبێت)( [32] ). یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکانی دروستبونیشی( [33] ) دەگەڕێتەوە بۆ خواستنی وشەی بێگانە. ئەوەی پەیوەست بێت بە توێژینەوەکەی ئێمەوە، خواستنی وشە عەرەبییەکانە، وەك: (جەنەت = بەهەشت، هودهود = پەپولەسولەیمانە، جەهەنم = دۆزەخ، لەعنەت = نەفرەت، قەبر = گۆڕ، یەتیم = هەتیو، جومعە = هەینی( [34] ) ، دین = ئاین، مەلائیکە = فریشتە( [35] )، الله = خودا، مەتعەم = چێشتخانە، مەعاش = موچە، تجارەت = بازرگانی، ئیجابی = ئەرێنی، سلبی = نەرێنی، حەیا = شەرم، ئیحترام = ڕێز، ئیمان = باوەڕ، ئینسان-بەشەر = مرۆڤ ... تاد)

شایەنی باسە هەندێك جار هەردو وشە هاوواتاکە پێکەوە وەك فرێزێك لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردێن بۆ زیاتر جەختکردنەو، وەك: (درۆزنی کەزاب، ڕێزو ئیحتیرام، تکاو ڕجا، هێزو قووەت، شەرم و حەیا، زوڵم وستەم، سۆزو عاتیفە، ڕەحم و بەزەیی، ...)

گەلێك لەوشە سادە خوازراوەکان بەشداری ڕۆنانی وشەی داڕێژراو یان لێکدراویان کردوەو وشەی نوێیان پێکهێناوە، هەندێکیشیان دیسان بون بە هاوواتا لەگەڵ ئەو وشە ناسادانەی، کە سەرجەم مۆرفیمەکانی خۆماڵیین، وەك: (بە/بێ ئەخلاق=بە/بێ ڕەوشت، بە/بێ حەیا=بە/بێ شەرم، قەبرستان=گۆڕستان، بە/بێ ئیمان=بڕوادار بێ بڕوا، ...)

2-1-1-2 -هاوواتایی ناتەواو

بریتییە لەو وشانەی، کە لە هەندێ دەوروبەردا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەتوانن جێی یەکتر بگرنەوەو جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نابێت، مەگەر تەنها پسپۆرو زمانەوانان بتوانن واتاکانیان لێك جیابکەنەوە، بۆیە دەبینین زۆرینەی خەڵك وەك هاوواتا بەکاریدەهێنن .( [36] )

بەگشتی ئەو وشە خوازراوانەی کەلە زمانی کوردیدا ڕۆڵی دروستبونی هاوواتای ناتەواویان بینیوە ژمارەیەکی بەرچاو پێکدەهێنن، ئەگەرچی توێژینەوەو ئامارێکی ئەوتۆش لەو بارەیەوە لەبەردەستدا نییە، بەڵام ئەوە ڕونە، کە بە تێپەڕبونی کات وشەکان واتای تر دەگەیەنن و هەر یەکەیان بەپێی دەوروبەرو ژینگەی جیاوازی خۆی واتاکەی دەکشێت، بەوێنە هەردو وشەی (تەڵاق)و (جیابونەوە) بەهاوواتا دادەنرێن، وەك (جیابونەوە/تەڵاق ڕو لە زیادبونە)، بەڵام بڕوانە ئەم ڕستانەی خوارەوە:

- ئازاد لە هاوڕێکەی جیابویەوە .
- ئازاد هاوڕێکەی تەڵاقدا*.

هەروەها بڕوانە ئەم نمونانەی خوارەوە:

1) .شوکر، سوپاس (

- سوپاسی/شوکری خوا دەکەم .
- سوپاست دەکەم. -شوکرت دەکەم*.

2) .ڕەسم، وێنە :(

- وێنەیەکی/ ڕەسمێکی گرت .
- وێنەی شعری -ڕەسمی شعری*.
- وێنەیەك لە ناسنامەکەت بێنە. -ڕەسمێك لە ناسنامەکەت بێنە*.

3) .واجب/فەرز، پێویست :(

- نوێژ لەسەر مسوڵمان فەرزە/ واجبە/ پێویستە .
- پێویستە بچم بۆ بازاڕ. -واجبە/فەرزە بچم بۆ بازاڕ .*

4) .حەرام، قەدەغە :(

- ئازاد سەیرانی لەسەرخۆی حەرامکردوە/ قەدەغە کردوە.
- دوزمانی حەرامە. -دوزمانی قەدەغەیە*.

دەتوانین بڵێین واتای ئەم دو زاراوەیە لە چەند ڕویەکەوە جیاوازن، لەبەر ئەوەی (حەرام) زاراوەیەکی ئایینیەو بەپێی ئاین ئەو کارانە یاساغن و خاوەنەکەی توشی سزای ئاینی دەکەن، بەڵام (قەدەغە) تاڕادەیەك زاراوەیەکی یاساییەو خاوەنەکەی ڕوبەڕوی لێپێچینەوەی یاسایی دەبێتەوە.

هەروەها وشەکانی (تەبیعی و سروشتی)، (قەسد/نیەت/ مەرام و مەبەست)، (غەیب و نادیار)، (جیهادو تێکۆشان)، (دوعاو پاڕانەوە)... تاد، بە هاوواتای ناتەواو هەژمار دەکرێن.

هەندێ لە زمانەوانان جۆرێکی تری هاوواتا جیا دەکەنەوە، کە پێی دەوترێت (هاوواتا ئاسا). بەڵام جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ جۆری دووەمدا نییە، بۆیە ئاماژەمان پێنەکردووە.

2-1-2 -دژواتایی

دژواتایی یەکێکی ترە لە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان وشەکان، بەو وشانە دەوترێت، کە واتاکانیان دژ بەیەکن، واتە لە دژواتادا پەیوەندی دژیەکی و پێچەوانەیی نێوان دوشت یان دوکەس یان دوسیفەت پیشان دەدرێت( [37]). لە بواری زمانناسیدا چەندین جۆری دژواتایی جیاکراوەتەوە، بەڵام لەم توێژینەوەدا وا دەخوازێت، کە لەڕوی پێکهات و ڕۆنانی وشە خوازراوەکانەوە، جۆرەکانی دژواتایی دەستنیشان بکەین، لەبەر ئەوەی جۆرەکانی تر زۆرن زیاتر دەچنە خانەی واتای ڕستەوە، بەم پێیە بە مەبەستی سنورداركردن و زیاتر قوڵ ببینەوە بە کرۆکی بابەتەکەدا، تەنها لە هەردو جۆری (دژواتایی ئەرێنی) و(دژواتایی نەرێنی) دەکۆڵینەوە.

-2-1-2-1 دژواتایی ئەرێنی

لەم جۆرەدا وشەکان تەنها لەڕوی واتاوە دژی یەکترن، واتە لەڕوی ڕۆنانەوە هەست بەهیچ بەرامبەربونێکی واتایی ناکرێت و ئامرازەکانی نەرێکردنی وەك(نە، نا، مە، ..) بەکارنەهێنراوە، جگە لەوەش هیچ (مۆرفیمێکی بەند)ی وەك (پاشگر و پێشگرو ناوبەند ...) بەشداری لە ڕۆنانیاندا ناکەن، وەك:

| | |
|---|---|
| مارەکردن | تەڵاقدان |
| عالیم | جاهیل |
| خێر | شەڕ |
| ئاخرشەڕ | ئاخرخێر |
| ئیمان | کوفر |
| جەهەنەم | جەنەت |
| حەرام | حەڵاڵ |
| کافر | موسڵمان (موسلیم+ان) |
| موحەجەبە | سفور |

-2-1-2-2 دژواتایی نەرێنی

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی مۆرفیمەکانی نەرێکردنی، وەك: (نە، نا، مە، بێ، ...) دادەڕێژرێن و وتاکانیان دەبن بە دژی یەکترو پێچەوانەو بەرامبەر دەبنەوە. ڕێژەیەکی بەرچاوی ئەو وشە خوازراوانەی، کە هاتونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەم ڕێگەیە دژەکانیان داڕێژراون، یاخود تەنها وشەکە خوازراوەو جگە لە گۆڕانی دەنگسازی، پاشگرو پێشگرەکانی (بونایەتی، خاوەنێتی) وەك( بە...، ...دار)ی خراوەتەسەر، پاشان نەرێ کراوە، بێ گومان ئەمەش لە زماندا گونجاوترە، چونکە مۆرکی زمانەکە وەردەگرن و بەئاسانیش لە فەرهەنگدا جێگەی خۆیان دەکەنەوە، بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مانادار | بێ مانا | وەفادار | بێ وەفا |
| عاقڵ | بێ عەقڵ | ڕازی | نا ڕازی |
| حەق | نا حەق | بەشەرەف | بێ شەرەف |
| دیندار | بێ دین | بەئیحترام | بێ ئیحترام |
| بەئەدەب | بێ ئەدەب | عەیبدار | بێ عەیب |
| بەغیرەت | بێ غیرەت | بەئەخلاق | بێ ئەخلاق |
| ئیماندار | بێ ئیمان | بە ڕەحم | بێ ڕەحم |
| بە حەیا | بێ حەیا | بەویژدان | بێ ویژدان |
| بەسەبر | بێ سەبر | بەتام | بێ تام |

ڕێژەی ئەمجۆرەی دژواتایی لەچاو جۆری یەکەم زیاترە، چونکە بەشێکی مۆرفیمەکانی کوردییەو لەسەرزار ئاسانە، بەکارهێنەرانیش بەبێ سڵەمینەوە بەکاری دەهێنن و هەست بە نامۆیی وشەکان ناکەن. ئەم دیاردەیەش لە زمانی ئاخاوتندا شتێکی ئاساییە، بەڵام لە نوسیندا پێویستە وشەو زاراوە بنەڕەتییە کوردییەکان بەکار بهێنرێن.

2-1-3 -فرەواتایی

بریتییە لەو وشانەی، کە زیاتر لە یەك واتا دەبەخشن، بەمەرجێك پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا هەبێت و هاوسەرچاوەو هاورەگەزبن.([38])

لە وشە خوازراوەکانی زمانی کوردیدا چەندین وشەی فرەواتا بەرچاو دەکەون، کە پێدەچێت لەسەرەتای خواستنیانەوە تەنها بۆ گەیاندنی یەك واتا بەکارهێنرابن، دواتر واتای تریان لەخۆگرتبێ، ئەمەش یاسای سروشتیی وشەیە لە زماندا، چونکە چەندین سەدەیە کوردەکان وشەو زاراوەی عەرەبییان وەرگرتووە بەردەوام بەکاریان هێناوە، ئەمەش بوەتە یەکێك لە هۆکارەکانی دروستبونی (فرەواتایی) لە زمانی کوردیدا، بڕوانە نمونەکانی خوارەوە:

-شەڕ 1 : جەنگ

شەڕ 2 : خراپ، وەك: خوا لە شەری شەیتان بمانپارێزێ.

-غەزەب 1 : توڕەیی ، سزا، وەك: دەڵێی غەزەبیی لێگیراوە، خوا غەزەبی لێ گرتوە .

غەزەب 2 : نەگبەت ، ئازاو سەرکێش، وەك: ئەو غەزەبە چۆن ئەو کارەی کرد!!

-شێخ 1 : دوعا خوێن، قورئانخوێن (قارء). یان بۆ پایەیەکی بەرزی ئاینی بەکاردێت، وەك:

شێخ ئەحمەد دوعایەکی بۆ خوێندین.

شێخ 2 : وەك ناوی بنەماڵەو هۆزێکی کوردی بەکاردێت، کە چەند سیمایەکی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە چەند بەشێك پێکهاتون" وەك: شێخە سورەکان، شێخی بەرزنجە، شێخی سۆڵە.

-ئەڵقە 1 : لە (حلقە)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئەڵقەی دەست، وەك: ئەڵقەی زیوی کڕیوە؟

ئەڵقە 2 : ئەڵقەی دراما ، . ...

-حەق 1 : ماف، وەك: حەقی خۆیەتی.

حەق 2 : ڕاستی، وەك: قسەکانی هەموی حەقن.

-فەقیر 1 : هێمن و ژیر و لەسەرخۆ، وەك: منداڵێکی فەقیرە.

فەقیر 2 : هەژار، وەك: کەسێکی فەقیرو نەدارە.

-جاهیل 1 : جایەڵ/جەهێڵ / جاحێل /جەحێڵ / گەنج.

جاهیل 2 : نەزان، وەك: دەرمانی جاهیل خوێندەوارییە.

-حساب 1 : ژماردن، وەك: حسابی بکە، . ...

حساب 2 : لێپرسینەوە، وەك: دواڕۆژ حسابت لەگەڵ دەکرێ، حسابی لای خوایە، ... تاد.

2-1-4 -هاوبێژی

ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دو واتا یان زیاتریان لەخۆگرتووە هەریەك لەو واتایانەش لای هاوزمانان ڕون و ئاشکرایەو لە ئاخاوتندا بەکاری دەهێنن([39]) ، خاڵی جیاکەرەوەی نێوان هاوبێژی و فرەواتایی ئەوەیە، کە لە هاوبێژیدا هیچ پەیوەندیەکی مێژویی لە نێوان واتای وشەکاندا نییەو لە ڕوی ڕەگەزو سەرچاوەی دروستبونەوە جیاوازن، جگە لەم ڕێگەیە، چەند شێواز وڕێگەیەکی ترهەیە بۆ جیاکردنەوەی هاوبێژی و فرەواتایی، لەوانەش :([40])

1. تاقیکردنەوەی تەمومژی: دەکرێتە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی ئەو دو دیاردەیە، بۆ نمونە لە ڕستەی (ئارام وەك ئازاد دەخوێنێت) هیچ تەمومژییەك بەدی ناکرێت، بەڵام لە ڕستەی (ئارام وەك ئازاد ناخوێنێت)دا مۆرفیمی (نا) تەمومژی دروست دەکات، وەك:

-ئارام و ئازاد هەردوکیان ناخوێنن.

-ئارام وەك ئازاد (باش) ناخوێنێت.

-ئارام وەك ئازاد (خراپ) ناخوێنێت.

بۆیە دەڵێین گیرەکی (نا) فرەواتایە.

2. خوازە: بەکارهێنانی وشەیەك بۆ گەیاندنی واتایەك، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی، بە وێنە وشەی (فقیر) خوازراوەو واتای (هێمن و لەسەرخۆو ژیر)یش دەگەیەنێت.

3. گەڕان بەدوای واتای بنچی یان کرۆکی واتای وشە، بە پشت بەستن بە فرەواتایی لەبری هاوبێژی. ئەم ڕێگەیە زیاتر پەنا دەباتە بەر یەکەم واتا، کە بۆ دانە زمانییەکە دانراوە، دواتر ئەو واتایانەی بەدەستی هێناوە.

لە ڕوانگەی ئەوەی باسکرا، دەکرێت شیکردنەوە بۆ هەندێ وشەی خوازراوی زمانی عەرەبی بکەین، بەوێنە وشەی (کوفر) لەیەك کاتدا هاوبێژی و فرەواتاییشی لە زمانی کوردیدا دروستکردوە، وەك لە خوارەوە ڕون کراوەتەوە:

1.کوفر : بەرامبەر بە (بێ بڕوا) بەکاردێت، وەك: (کوفر لە کافر دەوەشێتەوە).

2.کوفر: بەواتای ڕازی نەبون بەوەی پێی بەخشراوە، وەك: (کوفری نیعمەتی کردوە) .

3.کوفر: بە واتای (ڕەنگی ڕەش).

4.کوفر: جۆرە درەختێکە زیاتر لە کەناری چەم و ڕوبارەکان دەڕوێت. ([41])

(کوفر) لە خاڵی(1،2) فرەواتان، چونکە پەیوەندییەکی واتایی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام لە خاڵی(3،4)دا هاوبێژن چونکە هیچ جۆرە پەیوەندییەك چ لەڕوی مێژویی و چ لەڕوی نزیکی واتاییەوە لە نێوانیاندا نییە.

چەندین وشەی تری هاوبێژ بەهەمان هۆکارەکانی پێشو لە زمانی کوردیدا پەیدابون، لەوانە:

-بیر 1 : کە لە (بئر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە.

بیر 2 : بەواتای هۆش و یاد دێت ، وەك: بیرم کەوتەوە .

-ڕسق 1 : لە (رزق) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتە (ڕۆزی)، وەك: خوا رزقی داوە.

ڕسق 2 : (جرج) .

-خاڵ 1 : برای دایك .

خاڵ 2 : خاڵی سەر لەش([42])

خاڵ 3 : خاڵی کۆتایی ڕستەی هەواڵی، ... ( لەگەڵ خاڵی 2 دا فرەواتایە )

واتای (خاڵ) لە(1) و (2) و (1) و (3) دا هاوبێژن، بەڵام (2) و (3) فرەواتان

-عەسر 1 : لە (عصر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە ، بەواتای کاتی عەسر دێت، وەك: دوای عەسر دێمەوە.
عەسر 2 : فرمێسك، ئەشك، وەك: عەسر بەچاویدا هاتە خوارەوە.
-عارەق 1 : خواردنەوەی کحولی، وەك: کەسێکی عارەق خۆرە.
عارەق 2 : عارەقی نێوچاوان، وەك: عارەق بە ناو چاوانییەوەیە.
-مەکە 1 : شاری مەکەی پیرۆز.
مەکە 2 : بە واتای (لاتفعل)ی عەرەبی دێت، وەك: کارەکە مەکە.
-هەمزە 1 : پیتی هەمزە (ئ)
هەمزە 2 : ناوی تایبەتی کەسی(حەمزە)، وەك: کاك هەمزە کارەکەی کرد.
-موعجیزە 1 : پاککەرەوە
موعجیزە 2 : بەڵگەو نیشانە(پەرجووە)([43])
-ئازار 1 : ئێش وژان.
ئازار 2 : مانگی ئازار ([44])
-نیسان 1 : ئۆتۆمبێلی نیسان
نیسان 2 : مانگی نیسان
-بەیان 1 : ئاشکراکردن، وەك: نهێنییەکەی بەیانکرد.
بەیان 2 : کاتی هەڵهاتنی خۆر، وەك: تا بەیان نەخەوتم.

2-1-5 -بواری واتایی (کێڵگەی واتایی)

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە بۆ دەربڕینی دیاردەیەك بەکاردەهێنرێن و هەریەکەیان لایەن و بەشێکی ئەو دیاردەیە باس دەکەن([45])، بە واتایەکی تر کۆمەڵە وشەیەکن کە پەیوەندییەکی واتایی پێکەوەیان دەبەستێتەوە، هەموشیان لەژێر ناوێکی گشتیدا کۆدەبنەوە([46])، ئامانجی سەرەکی بواری واتایی بریتییە لە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو وشانەی، کە سەر بە بوارێکی واتایی تایبەتن، لەگەڵ دەرخستنی پەیوەندی نێوانیان.([47])

(Finch) دەڵێت: بواری واتایی بۆ دیراسەکردنی بەراوردکاری نێوان زمانەکان بەسودە([48]). لەو سۆنگەیەوەو سەبارەت بە چۆنییەتی کارکردنی وشەی بێگانەو بەئەندامبونی لە بواری واتاییدا، پێویستە چەند خاڵێك بخەینەڕو:

1.ئەو وشە بێگانانەی کەلێنی زمانەکە پڕدەکەنەوە، واتە بەرامبەریان لە زمانەکەدا نییە، لە هەردو زمانەکەشدا یەك واتا دەگەیەنن، ئەوە دەبن بە ئەندام لە بوارێکی واتایی کە جۆری بوارە واتاییەکەی جیاواز نەبێت لەزمانە بێگانەکە، بەوێنە: وشەکانی(برتقال، خوخ) بەهەمان واتا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، هاوشێوەی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردیشدا دەچنە نێو بواری واتایی (میوە)، هەرچەندە بەپێی یاسا دەنگسازییەکانی زمانی کوردی گونجێنراون (پرتەقاڵ، قۆخ).

2.ئەو وشانەی لە زمانەکەدا بەرامبەریان هەیە بەهەمان واتا، ئەم وشانە کەلەبەری زمانەکە پرناکەنەوە، بۆیە نابنە ئەندام لە بواری واتاییدا، چونکە بواری واتایی بەهیچ جۆرێك (هاوواتا) لەخۆ ناگرێت، بەوێنە وشەکانی (زوڵم، سەروەت، مەعاش، مەتعەم، ئیحترام، ئیجابی، سلبی، ئینسان، بەشەر، ...) (بڕوانە بابەتی هاوواتایی) لە زمانی کوردیدا ناچنە هیچ بوارێکی واتاییەوە.

3.ئەو وشانەی کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیراون، بەڵام بۆ واتاو مەبەستێکی تر بەکاردەهێنرێن ئەوا بەپێی واتا نوێکە دەبن بەئەندامی بوارێکی واتایی.([49])

وشە خوازراوە عەرەبییەکان لە زمانی کوردیدا بەهۆی ئەوەی زۆرینەیان لە سەردەمێکی کۆنەوە وەرگیراون و هەمیشە بەکارهێنراون، بۆیە ئاساییە، گۆڕانکاری بەسەر واتاکانیاندا هاتبێ و واتاو مەبەستی تریان لەخۆ بارکردبێ، دیاردەکانی (تەسکبونەوەی واتا، فراوانبونی واتا، فرەواتایی) کە پێشتر لەم توێژینەوەیەدا باسکران بەڵگەو نمونەی ڕونن بۆ سەلماندنی ئەم لایەنە، بەوێنە وشەی (ئەڵقە) لە زمانی کوردیدا بەپێی واتاکانی ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت لە بواری واتاییدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

-ئەڵقەی چەندەمی دراماکەت نەبینیوە. (دەچێتە نێو بواری واتایی دراماوە)

-ئەڵقەت نەکڕیوە. (دەچێتە نێو بواری واتایی بابەتی زێڕەنگەرییەوە)

سەبارەت بە زاراوە ئاینییە خوازراوەکان کە لەژێر کاریگەری ئاینی ئیسلام و زمانی عەرەبیدا هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە، بوارێکی واتاییان دروستکردوە، چونکە سەرجەم وشەو زاراوەکان پەیوەندییەکی واتایی لەنێوانیاندا هەیەو هەریەکەیان لایەنێکی شەرعی ئاینی ئیسلام ڕون دەکەنەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە کۆمەڵێك لەو وشانە لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان بۆ دانراوەو ئاخێوەرانیش بەکاریدەهێنن و وەریانگرتووە، لەم بارەدا تەنها وشە کوردییەکان دەچنە نێو بوارە واتاییەکەوەو جێی وشە عەرەبییە هاوواتاکانیان دەگرنەوە، بەوێنە زاراوەکانی (ئیمان، کوفر، ئیماندار، زیکر، ڕەحم، عەزاب، مەلائیکە، تەقوا، ...تاد) لادەبرێن، چونکە وشەکانی (باوەڕ، بێ باوەڕ، بڕوادار، وێرد، بەزەیی، سزا، فریشتە، لەخواترسان، ...) لەبەرامبەردا بەکارهاتون و جێگەیان گرتونەتەوە، هەروەها کۆمەڵێکی تر لەو زاراوان خوازراوانە جێگرەوەیان نییە، بۆیە وەك خۆیان دەمێننەوەو دەتوانن بەهاوبەشی لەگەڵ وشە کوردییە ئاینییەکاندا بوارێکی واتایی پێکبهێنن، وەك: (حەرام، حەڵاڵ، قورئان، ئایەت، سورەت، حەج، عومرە، سونەت، فەرز، جیهاد، ڕەمەزان، لەیلەتولقەدر، سڵاو، شەیتان، شەرع، تەسبیح، ...)

## ئەنجام

1. خواستنی وشە پێویست و گرنگەو دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان و پێشخستن و گەشەکردنی، بەمەرجێك ئەو خواستنە کەلێنی فەرهەنگی زمان پڕ بکاتەوەو نەبێتە هۆی دروستبونی هاوواتایی وکوشتنی وشە بنەڕەتی وخۆماڵییەکان.

2. لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا (جگە لە پابەندبوونی کورد بە زمانەکەیانەوە) بریتییە لە هۆکاری (زمانی) ئەمەش لەبەر ئەوەی گۆڕان لە ئاستی ڕستەسازیدا زۆر لەسەرخۆیەو دەتوانێت ماوەیەکی درێژ پارێزگاری لە یاساو تایبەتمەندیە ڕێزمانییەکانی بکات.

3. ژمارەیەکی بەرچاو لە وشە خوازراوەکانی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردیدا واتاکانیان فراوانبوە یان تەسکبۆتەوە هەروەها ڕۆڵیان گێڕاوە لە دروستبونی چەندین دیاردەی واتایی نێوان وشەکان، ئەمەش بۆ دوهۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە:

-لە مێژویەکی کۆنەوە ئەو زاراوانە خوازراون.

-زۆر بەکارهێنانی ئەو وشەو زاراوانە لە دەوروبەرو ژینگەی جیاوازدا.

4.وشەو زاراوە ئاینییەکان زیاتر خوازراون، لەهەمان کاتدا کەمتر گۆڕانی واتاییان بەسەردا هاتووە.

5. بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەناو پێنج جۆری پەیوەندی واتایی (هاوواتایی، فرەواتایی، دژواتایی، هاوبێژی، بواری واتایی)دا وشە خوازراوە عەرەبییەکان زیاتر بونەتە هۆی دروستبونی (هاوواتایی) بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تردا.

6.وشە خوازراوە عەرەبییەکان لە بواری واتایی زمانی کوردیدا بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت:

-ئەو وشانەی بەرامبەریان هەیە لە زمانی کوردیدا نابنە ئەندام لە بواری واتایی، چونکە بە هاوواتاکانیان لە وشەی خۆماڵی پڕ دەکرێنەوە.

-ئەو وشانەی لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان نییە، ئەوا بە هەمان واتاو لەهەمان بواری واتاییدا دەبن بە ئەندام.

-ئەو وشانەی لە زمانی کوردیدا بەرامبەریان هەیە، بەڵام بە واتایەکی نوێ بەکاردەهێنرێن ئەوا لە زمانی کوردیدا بەپێی واتا نوێکە دەبن بە ئەندام لە بوارێکی واتایی.

-دەکرێت وشەو زاراوە ئاینییەکان(چ کوردی بن یان عەرەبی) بوارێکی واتاییان بەناوی (بواری ئاینی)ەوە بۆ تەرخان بکرێت.

## سەرچاوەکان


**1 -بە زمانی کوردی**

1 -ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەنمونە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، 2014.

2-ئومێد بەرز ان برزۆ، کاریگەری ئاینی ئیسلام لە سەرزمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، زانکۆی گەرمیان ژمارە (25)ی 2013.

3-بەکر عومەر عەلی، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2010.

4-تاڵیب حوسێن عەلی، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چ. (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، 2011.

5-حسین مەحمود عەلی، ڕەهەندەکانی ڕەقیب لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی(نالی، مەحوی، حەمدی)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1)ی 2013.

6-دارا حەمید محەمەد، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، 2010.

7-دارا حەمید محەمەد و بێستون حەسەن ئەحمەد، کشانی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1)ی 2013.

8-ڕۆژان نوری عەبدوڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2013.

9-سەلام ناوخۆش، زمانناسی و هەندێك بابەتی زمانناسی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2010.

10-شاسوار هەرشەمی، هەندێك زانیاریی گشتی لەبارەی زمانەوە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ. (ڕەنج)، سلێمانی، 2009.

11-عەبدوڵا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی - کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2015.

12-عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2014.

13-محەمەد حوسێن ئەحمەد، ململانێی زارەکان (زاری ناوەڕاست و ژورو) وەك نمونە، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، ماستەر، 2016.

14-محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011.

15-محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، سلێمانی، .(2006)

16-نەریمان عەبدوڵا خۆشناو و شوکر محەمەد ساڵح، گۆڕان لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (4)ی 2014.

17-هۆگر محەمەد فەرەج، چەردەیەك دەنگ، مۆرفیم، وشەی جوداییسازلە نێوان کرمانجی باکور، ناوەڕاستدا، کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی- هەولێر، 2012.

**2 -بە زمانی عەرەبی**

18-إبراهيم مصطفى-أحمد حسن الزيات-حامد عبد القادر-محمد على النجار، المعجم الوسيط، دار الدعوه ، جزء 1 ، تركية-استنبول، 1989.

19-احمد موختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الاولى،الكويت، 1985.

20-ف.ر.بالمر، علم الدلالة إطار جديد، ت: صبرى ابراهيم السيد، دار المعرفة الجامعية، إسكندرية، 1995.

21-صبحي الصالح، دراسات في فقه اللغة، الطبعة السادسة عشرة، دار العلم للملاين، بيروت-لبنان، 2004.

22-علي عبدالواحد وافي، العلم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة مصر، 2004.

23-كلود جرمان و ريمون لوبلون، علم الدلالة، ت: نور الهدى لوشن، الطبعة الاولى، دار الكتب الوطنية، بنغازي، 1997.

24-مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز آبادى، معجم القاموس المحيط، الطبعة الخامسة، دار المعرفه، بيروت-لبنان، 2011.

25-محمود السعران، علم الدلاله، دار النهضة العربية، بيروت.

26-انترنت: تعريف و معنى حيوان بالعربى فى معجم المعانى الجامع.

## پەراوێزەکان

[1] بڕوانە: (علي عبدالواحد وافي، العلم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة مصر، 2004، 229) .

[2] بڕوانە: (علي عبدالواحد وافي، العلم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة مصر، 2004، 280).

[3] عەبدوڵا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی -کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2015،ل. (229)

[4] محەمەد حوسێن ئەحمەد، ململانێی زارەکان (زاری ناوەڕاست و ژورو) وەك نمونە، زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، ماستەر، 2016 ، ل.(38)

[5] بڕوانە: (علي عبدالواحد وافي، العلم اللغة، الطبعة التاسعة، نهضة مصر، 2004، 230-247).

[6] ئازاد عەزیز سلێمان، ململانێی زمان زمانی کوردی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بەنمونە، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، 2014، ل.(123)

[7] ڕۆژان نوری عەبدوڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2013 ، ل 137.

[8] شاسوار هەرشەمی، هەندێك زانیاریی گشتی لەبارەی زمانەوە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چ. (ڕەنج)، سلێمانی، 2009،ل. (41)

[9] محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011،ل. (133)

[10] تاڵیب حوسێن عەلی، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ڕۆژهەڵات)، هەولێر، 2011، ل.(83)

- (168).

[11] محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011،ل

[12] (حيوان: بمعنى الحياة، كقوله تعالى: ( ﭙ ﭖ ﭗ ﭘ ﭙ)) أو(كائن حيّ يمتاز بالحياة والحس والحركة)، أو (كل حي الناطق أو غير ناطق) (انترنت: تعريف و معنى حيوان بالعربي في معجم المعاني الجامع)

[13] محمود السعران، علم الدلاله، دار النهضة العربية، بيروت، ص.(280)

[14] وەرگیراوە لە (عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر، هەولێر، 2014، ل(189.(

[15] احمد موختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الاولى، الكويت، 1985، ص.(243)

[16] دارا حەمید محەمەد، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، 2010، ل.(36)

[17] بڕوانە: (محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011،ل (128) و دارا حەمید محەمەد و بێستون حەسەن ئەحمەد، کشانی واتا لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1)ی 2013،ل (195).(

[18] حسين مەحمود عەلی، ڕەهەندەکانی ڕەقیب لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نمونەی(نالی، مەحوی، حەمدی)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1)ی 2013، ل.(142)

[19] إبراهيم مصطفى-أحمد حسن الزيات-حامد عبد القادر-محمد على النجار، المعجم الوسيط، دار الدعوه ، جزء 1 ، تركية-استنبول، 1989، ص.(940)

[20] محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، 2011،ل. (128)

[21] نەریمان عەبدوڵا خۆشناو و شوکر محەمەد ساڵح، گۆڕان لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (4)ی 2014،ل.(14)

- إبراهيم مصطفى-أحمد حسن الزيات-حامد عبد القادر-محمد على النجار، المعجم الوسيط، دار الدعوه ، جزء 1 ، تركية-استنبول، 1989، ص.(1031)

[22] مجدالدين محمد بن يعقوب الفيروز آبادى، معجم القاموس المحيط، الطبعة الخامسة، دار المعرفه، بيروت-لبنان، 2011، ص.(587)

[23] إبراهيم مصطفى-أحمد حسن الزيات-حامد عبد القادر-محمد على النجار، المعجم الوسيط، دار الدعوة ، جزء 1 ، تركية-استنبول، 1989، ص (461). ومعنى (السيد): المالك والملك والمولى ذو العبيد والخدم والمتولى للجماعه الكثيرة وكل من افترضت طاعتة ولقب تشريف يخاطب به الاشراف من نسل الرسول. وأطلق حديثا في بعض الدول على كل فرد وسيد كل شيء أشرفه وأرفعه يقال القرآن سيد الكلام. سادة وسيائد

[24] عەبدوڵا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی-کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2015، ل. (247)

[25] سەلام ناوخۆش، زمانناسی و هەندێك بابەتی زمانناسی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2010، ل.(52)

[26] تاڵیب حوسێن عەلی، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011، ل.(60-61)

[27] سەلام ناوخۆش، زمانناسی و هەندێك بابەتی زمانناسی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2010، ل.(44)

[28] دارا حەمید محەمەد، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، 2010، ل (85) ئەویش لە (ستیفن اولمان، 1997: ص 119) وەری گرتووە.

[29] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە (دارا حەمید محەمەد، 2010، ل (83-89).

[30] بڕوانە: (تاڵیب حوسێن عەلی، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2011، ل(73) و (احمد موختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الأولى، الكويت، 1985، ص(220 ).

[31] احمد موختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الاولى، الكويت، 1985، ص.(220)

[32]وەرگیراوە لە (دارا حەمید محەمەد، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، 2010، ل (90.(

[33]پالمەر باسی پێنج هۆکاری کردوە، بەڵام خواستنی وشەی بێگانەی باس نەکردوە کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبونی هاوواتایی (بڕوانە: ف.ر.بالمر، علم الدلالة إطار جديد، ت: صبري ابراهيم السيد، دار المعرفة الجامعية، إسكندرية، 1995، ص(93-98).

[34]لە کۆی حەوت ڕۆژی هەفتە تەنها وشەی (جومعە) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیدانی کوردان بە بۆنەو یادە پیرۆزە ئاینییەکان و خواستنی وشەو زاراوە ئاینییەکان بە ڕێژەیەکی زیاتر.

[35]لەزمانی عەرەبیدا وشەی مەلائیکە کۆیەو تاکەکەی (مەلەك)ە، بەڵام لەزمانی کوردیدا هەر بەشێوەی (کۆ) وەرگیراوەو بۆ کۆکردنەوەش دیسان مۆرفیمی کۆی دەخرێتە سەر (مەلائیکەکان). (93)

[36]دارا حەمید محەمەد، واتاسازی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژیر، سلێمانی، 2010، ل

[37]تالیب حوسێن عەلی، واتاسازی چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپی یەکەم، چ.(ڕۆژهەڵات)، هەولێر، 2011، ل.(88)

[38]کلود جرمان و ريمون لوبلون، علم الدلالة، ت: نور الهدى لوشن، الطبعة الاولى، دار الكتب الوطنية، بنغازي، 1997، ص-41) 42).

[39]صبحي الصالح، دراسات في فقه اللغة، الطبعة السادسة عشرة، دار العلم للملاين، بيروت-لبنان، 2004، ص .(302)

[40]محەمەد مەعروف و سەباح ڕەشید، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی، (2006)، ل 67-68.

[41]بڕوانە: (ئومێد بەرزان برزۆ، کاریگەری ئاینی ئیسلام لە سەر زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، زانکۆی گەرمیان ژمارە (25)ی 2013، ل(113). واتای جۆری دووەمی(کوفر) توێژەر بۆی زیادکردووە لەم سەرچاوەیەدا باس نەکراوە.

[42]ئومێد بەرزان برزۆ، کاریگەری ئاینی ئیسلام لە سەر زمانی کوردی، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، زانکۆی گەرمیان ژمارە (25)ی 2013، ل.(113)

[43]هۆگر محەمەد فەرەج، چەردەیەك دەنگ، مۆرفیم، وشەی جوداییساز لە نێوان کرمانجی باکور، ناوەڕاستدا، کۆنفرانسی زانستی زمانی کوردی- هەولێر، 2012 ، ل 135

[44]عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشەو ڕستە، چاپی سێیەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، 2014، ل.(130)

[45]سەلام ناوخۆش، زمانناسی و هەندێك بابەتی زمانناسی کوردی، چاپی دوەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2010، ل.(48)

[46]احمد موختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الاولى،الكويت، 1985، ص.(79)

[47]احمد موختار عمر، علم الدلالة، الطبعة الاولى،الكويت، 1985، ص.(80)

[48]بەکر عومەر عەلی، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2010، ل.(100)

[49]بەکر عومەر عەلی، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، 2010، ل.(100-103)